Komala Party _ Iranian Kurdistan
Australia Committee

کۆمه له ی شۆرشگێری زه حمه تکیشانی کوردستانی
ئیران کومیته ی ئۆسترالیا

راپۆرتی رێزگرتن له 26ی رێبەندان رۆژی کۆمەڵە له ئادەلێد ئوسترالیا

ئێوارێی رۆژی 18 مانگی فێبریۆری 2007 بەرەسمی، هەموو ساڵێک مەراسمی رۆژی کۆمەڵە بەرێوە چو که زیاتر له 300 کەس بەشدار بوون بو رێز گرتن لەو رۆژە پیرۆزە.
سەرەتای بەرنامەکە بەسروودی بانگەوازی کۆمەڵە دەستی پێکرد و پاشان دەقیقەێک بی دەنگی بۆ رێز گەرتن له یادی کاک حەمه حوسینی کەریمی و هەموو ئەو شەهیدانەی که له رێگای رزگاریخوازی گەلی کورد و ئازادی و سۆسیالیزم گیانیان بەخت کرد و پاشان به پەخشانیک له لایەن هاوریٚ تاهیری حوسینی بیٚ دەنگی شکا.
پاشان پەیامی بەرپرسی کۆمیتەی کۆمەڵە له ئوسترلیا هاوری جەعفەری مەحمەد ئەمینی وتارێک به بۆنەی ئەم رۆژی میژۆیی وە پێشکەش به بەشداربووان کرا.
هاوری جەعفەر ئاماژەی به مێژوو خەبات و تێکۆشانی کۆمەڵە له ناو بزووتنەوی رزگاریخوازی گەلی کورد کرد و کۆمەڵە خاوەن جێگاو پێگەی تایبەتی خۆی هەیه له ناو ئەو بزۆتنەویه، ئەمسال له کاتێکدا رێز ە رۆژی کۆمەڵە دەگرین که کۆماری ئیسلامی ئێران نوقمی قیرانی سیاسی ناخۆ و ئابووری ناو نەتەوییه، هەر وەها هاوری جەعفەر له سەر ئەوی که ئێمه وەکوو کۆمەڵە باونگەواز دەکەین بۆ پێکهێنانی بەرێەکی دێمۆکرات خوازی کوردستانی، پێداویستیکی مێژویی و له بەرژەوەندی جوولانەوەی گەلی کورده، تاکیدی کردەوە و باسی ئەوێی کرد که کۆمەڵە زیاتر له جاران بۆ ئەو بەرەیه تێدەکۆشیٚ و دوبارە داوا له هەموو حیزبوو کەسایەتیه سیاسیەکان و دلسوزانی گەلی کورد دەکەین که به پێشوازی ئەو بانگەوازەوە زیاتر بێن، و باسی ئەرکەکانی کۆمەڵە له داهاتوو دا بەشێکی تری باسەکانی هاوریٚ جەعفەر بوو.

پاشان له لایەن هاوریٚ تاهیری حوسینی چەند شعێر و پەخشان پێشکەش کرا، هەر وەها پیامو بروسکەیٚ پیرۆز بایی له لایەن رێکخراو حیزبه سیاسی و کۆمەڵە کوردیکان که بریتی بوون له:

1) یەکیتی نیشتمانی کوردستان
2) پارتی دێمۆکراتی کوردستان
3) حیزبی دێمۆکراتی کوردستان- ئێران
4) حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران
5) کۆمەڵەی کوردی ئادەلێد

پاشان بەشی دوهەمی برنامەکە که بریتی بوو له برنامەی هونەری به بەشداری هونەرمندان کاک نەجمەی غۆڵامی و کاک لوقمان ئەویشی که به شایی و هەڵپەرکی دەستی پی کرد وە تا دەرنگانیکی شەو درێژی هەبوو.

کۆمەڵەی شورشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان کۆمیتەی ئادەلێد